# شێوەكانی دووان لە دەقی زمانییدا

د.شاخەوان جەلال فەرەج

زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان/ بەشی کوردی

دەستپێك:

ڕەهەندی كۆمەڵایەتی زمان یەكێكە لەو بابەتە زیندو وسەرنجڕاكێشانەی زانستی زمانی نوێباوی بەخۆیەوە سەرقاڵكردووە. لەم ڕوانگەیەوە زمانی مرۆڤ دابڕاونابێت لەخودی مرۆڤ و بەكارهێنانە كۆمەڵایەتییەكانی، بۆیە لەم سەردەمەدا زانستی زمانی كۆمەڵایەتی وەك لقێكی زانستی زمان بایەخێكی زۆر بەپەیوەندی زمان و بەكارهێنانی كۆمەڵایەتی زمان دەدات. بەم پێیە زانستی زمانی كۆمەڵایەتی بریتییە لە "لێكۆڵینەوە لەزمان و كۆمەڵ، لەم بوارەدا زمانەوانەكان گرنگی دەدەن بەو جیاوازی و هەمەڕەنگییەی، كە لە زمانی مرۆڤدا هەیە. زانستی زمانی كۆمەڵایەتیش هەوڵدەدات هۆكارەكانی ئەم هەمەڕەنگییە شیبكاتەوە"[1]. هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە لایەنێك لەلایەنەكانی زمان ناچێتە بواری زانستی زمانی پەسنكارییەوە ئەویش لێكۆڵینەوەیە لە زمان لەو پەیوەندیەوە، كەلەگەڵ بەكارهێنەرانیدا هەیەتی، ئەم لایەنەشە (هالیدای) بە لقێكی جیاواز لە زانستە زمانییەكان سەیری دەكات، وەك بابەتێكی تایبەت لێكۆڵینەوەی تێدادەكات[2]

یەكێك لەو بنەما تیۆریانەی زانستی زمانی پێڕەوبەندی لای هالیدای لەسەری وەستاوە پەیوەندی پتەوی نێوان زمان و دەوروبەرە. لەم چێوەیەدا هالیدای وایدەبینێت لە زمان ناگەین، ئەگەر لە دەقدا نەبێت، لەدەقیش تێناگەین ئەگەر لە دەوروبەری كۆمەڵایەتی و كلتوری خۆیدا نەبێت. بەم شێوەیە دەق و دەوروبەر وەك دوو لایەنی یەك پرۆسە دەبینێت، چونكە دەقێك هەیە و دەقێكی هاوڕێی تری هەیە، ئەم دەقە هاوڕێیە بریتییە لە دەوروبەر ئەم دەوروبەرە تەنها زانیارییمان لەسەر ئەوەی لەكاتی قسەكردندا ڕوودەدات ناداتێ (وەك مالینۆفیسكی پێشتر وتوویەتی)، بەڵكو پاشخانی كۆمەڵایەتی و كلتوری هەریەك لە قسەكەرو گوێگر و مێژووی كۆمەڵایەتی و كلتوری پەنهانی پشت قسەكردنی هاوبەشانی ئاخاوتنمان پێدەبەخشێت.[3]

پشت بەست بە بنەمای پەیوەندیی نێوان زمان و زمانبەكارهێن لەم توێژینەوەیەدا لەپاری یەكەمدا زانستییانە لەو سێ ڕەهەندە دەدوێین، كە بەلای هالیدایەوە بەیەكەوە (دەوروبەری دەق)[4] دیاریدەكەن و توانای ئەوەمان دەداتێ پێشبینی ئەوە بكەین، كە بەرانبەرەكانمان چی دەڵێن، ئەم ڕەهەندانەش (سەرتۆپی ئاخاوتن/ بواری ئاخاوتن"field") و (جۆری بەشدارییكردن"tenor") و (شێوەكانی پەیوەندییكردن"mode") ن. لەپاری دووەمیشدا ئەم سێ بنەمایەی تیۆرییەكە بەسەر دوو دەقی زمانییدا پراكتیك دەكەین.

**١) شێوەكانی دووان (ڕوانین و تێڕامان)**

قسەپێكەرانی ڕەسەنی زمانێكی دیاریكراو بەپێی پشتبەستن بە بارودۆخی پەیوەندییكردنیان لەنێوان وشەو

ڕۆنانە سینتاکسیە جیاوازەکاندا هەڵبژاردن دەکەن ،بۆ نموونە ئێمە هەمان وشەو ڕۆنان، کە لە نوسینێکی ئاکادیمیدا بەکاریدەهێنین، لە نوسینێکی تردا، کە بۆ برادەرێکمانی دەنوسین بەکاریناهێنین ، لەوانەیە باسی پلانی پشووی هەفتەیەکی بۆ بکەین [٥].

کەواتە زمان بەپێی ئەو بارودۆخەی تیایدا بەکاردێت جیاوازە، ئەم شێوە جیاوازانەی زمانیش بە(شێوەکانی دووان"Registers") ئاماژەی بۆدەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری (دەق "Text") بکەین، دەتوانین چەند پێشبینیەك بۆ ئەم بارودۆخە بکەین، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر لەبارودۆخێکی دیارییکراودا بین دەتوانین هەڵبژاردنی دیاریکراومان بەپێی بنەمای بارودۆخەکە هەبێت. بەواتایەکی تر ئەو زمانەی بەکاریدەهێنین پێویستە بۆ ئەو بارودۆخەی تیایدا بەکاریدەهێنین گونجاوبێت[٦]، لەم ڕوانگەیەوە بە تێڕوانینی قوتابخانەی ئەرکیی، زمان وەك ئامرازێکی پەیوەندییکردن دەزگایەکی پڕاوپڕە، کە لە پێڕەوی چۆنیەتی کۆکردنەوەو تێکەڵکردنی کەرەستە زمانییەکان بەپێی چەند یاسایەکی زمانەوانی تایبەت بونیادنراو، ئەمەش تەنها کرۆکی دەزگاکەیە، چونکە خودی هەر واتایەکی زمانیی و ئەو ڕێسا زمانەوانیەش، کە دروستەکەی دەخوڵقێنێت یەك چەشن نییە، بەڵکو بەپێی جیاوازیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئاینی و ڕۆشنبیری ... هتد هەر کۆمەڵگایەك، چۆنیەتی کارلێکردنی زمانبەکاربەرە فرەچەشنە هەمەچەشنەکانی وەچەکۆمەڵگاکانی ئەو کۆمەڵگایە، کەلەسەر بنەمای جیاوازیی چینایەتی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و پلەداری و .. هتد خودی تاکەکانی وەچەکۆمەڵگاکانی کۆمەڵگاکە دروستبوون، ئەم جیاوازیانە بوونەتەهۆی هەمەچەشنی داتاکان و لێکەوتنەوەی چەندین یاسا و وەچەیاسای زمانیی جیاواز لەڕێسازمانییەکانی خودی زمانی کۆمەڵگاکە.

ڕاستەوخۆ ئەمەش بووەتەهۆی سەرهەڵدانی چەمکی (هەڵبژاردنی زمانیی)، کەمەبەست لێی ڕەخساندنی داتای زمانیی فرەچەشنی جیاوازە لەگەڵ بوونی یاسا و وەچەیاسای زمانیی جیاواز بۆ بونیادنانی دروستەو پێکهاتەی زمانەوانییانەی جیاواز بۆ گەیاندنی هەمان چەمك لەبارودۆخی جیاوازدا لەلایەن مرۆڤە جیاوازەکانەوە. ئەم تایبەتمەندیەیش (هەڵبژاردنی زمانیی) خاسیەتی

(نەرمونیانی بەکارهێنان) ی بەزمانی هەر کۆمەڵگایەك بەخشیوە بەڕادەیەك هەبوونی بژاردەی (هەڵبژاردنی زمانیی) بووەتەهۆی بەدیهێنانی (کەسێتی نەرمونیانی زمانیی) بەمەبەستی پڕاوپڕکردنی خودی دەزگاکە، کەدەبێت پڕاوپڕبێت چ وەك دەزگایەك و چ وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی. ئەم تێگەیشتنەش لەخۆیدا بنەمای کارکردنە تیۆری و کارەکیەکانی قوتابخانەی زمانەوانیی ئەرکیی بووەو بنەڕەتێکیشی بووە بۆ سەرهەڵدانی ئەو تیۆرییە بەرفراوانەی لە ئێستای کۆزمانەوانیی کارەکییدا بە)تیۆری شێوەکانی دووان "Register Theory") دەناسرێت، هەربۆیە پنتە شیکارییەکانی ئەم پەیڤەی پێشوو وەك بەجێهێنانێکی زانستییانە خستنەڕووی خودی تیۆری شێوەکانی دووان و بنەڕەتە گریمانەکارییەکانی و پێکهاتەی بەشەکانی تیۆرییەکە بەسەر لێکۆڵینەوەکەدا دەسەپێنێت و لێکۆڵەر هەوڵدەدات لە (١/١) و (٢/١)دا زانستییانە پەیوەست بەبۆچونە کۆزمانەوانییەکانی (هالیدای) وە بیانخاتەڕوو، دواتریش لەتەوەرەی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەکی کارەکییانە پەیوەست بەئاراستە شیکارییەکانی کۆزمانەوانیی کارەکییانە لایەنی کارەکیی تیۆریەکە لەزمانی کوردییدا شیبکرێتەوەو بخرێتەڕوو.

## ١/١) تیۆری شێوەکانی دووان :

هەر قسەکردنێك لەبارەی تیۆری شێوەکانی دووانەوە چ لەکۆزمانەوانیدابێت، یان لەکۆزمانەوانیی کارەکییدابێت، دەبێت ڕاستەوخۆ پەیوەست بکرێتەوە بە دەوروبەرو ژینگەی زمانییەوە.ئەمەش بەوپێیەی، کە ژینگەی زمانیی (لەخۆیدا بریتییە لە کارلێککردنی ڕەگەزە نازمانییەکانی بارودۆخێکی ئاخاوتن و کاریگەرییان لەسەر ڕەگەزە زمانییەکانی ئەو بارودۆخە ئاخاوتنە)، بەواتا بنەمای سەرەکی خوڵقاندنی چەمکی هەمەچەشنیی زمانییە، بەڕادەیەك هەتاکو ژینگە زمانییەکە هەمەچەشنییەکەی فرەچەشنیی زیاتربێت، ئەوا دەبێت ئەو زمانە کەرەستەی فەرهەنگی و یاسا زمانییەکانی زیاترو زۆرتربێت، تا بتوانێت شیانی (هەڵبژاردنی زمانیی) بۆ ئاخێوەر لەو بارودۆخە هەمەچەشنە فرەچەشنانەدا بڕەخسێنێت. بۆیە ناکرێت تێڕامانمان لەژینگەی زمانیی و هەمەچەشنیی زمانیی و شیانی هەڵبژاردە زمانییەکان لەلایەن ئاخێوەرە جیاوازەکانەوە بێت وبەشێوەیەکی قوڵ وردنەبینەوە لەگرنگی و کاریگەریی دەوروبەرو ژینگەی زمانیی، چونکە سەرەتاکانی پەیڕەوبەندیی لەزانستی زماندا ئەوەی سەلماندووە، کە پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان زمان و دەوروبەردا هەیە، بەتایبەتی ئەم پەیوەندییە تێکچڕژاوترو پێڕەودارتردەبێت لەهەندێك لە تیۆرییە زمانەوانیەکاندا، بۆنموونە لە قوتابخانەی زمانەوانیی ئەرکیی هالیدایدا(مارگرێت بێری) دەڵێت :

((زمانەوانەپێڕەوبەندییەکان لەڕۆژانی زانستی زمانی ( فێرث) ەوەو دواتریش لەڕوانگەی ڕێزمانی پێوەریی و پۆلییەوە (المقیاس و الفصیلە) تا نوێترین ئەنجامەکانی خودی زانستی زمانی پێڕەوبەندیی یەکێك لەو تێڕوانینانەی جەختیلێدەکەن، گرنگییدانە بە پەیوەندیی نێوان زمان و لایەنە هەمەڕەنگەکانی ئەو دەوروبەرەی تیاییدا بەکاردێت))[٧]. کەواتە دەتوانرێت ئەوە هەڵبهێنجرێت ، کە پەیوەندیی نێوان زمان و دوروبەر پەیوەندییەکی دوو جەمسەرییە، بەو واتایەی لەجەمسەرێکیاندا ڕەگەزە زمانییەکان لەناوخۆیاندا کارلێکدەکەن و خودی بونیادی واتای زمانییانە دەڕەخسێنن و جەمسەرەکەی تریان کارلێککردن لەنێوان کەرەستەزمانییەکان و لایەنەکانی ئەو دەوروبەرە نازمانییەی تێیدا بەکاردێت ڕودەدات و بەهۆیەوە واتا بەکارهێنانییەکان لەزماندا دێتەکایەوە، کە لەگەڵ ڕووداوە زمانییەکاندا هاوشێوەیە[٨]. کەواتە ئەم کۆپەیوەندییەی نێوان (کارلێککردنی ڕەگەزەزمانییەکان لەناوخۆیاندا لەلایەك و کارلێککردنی ڕەگەزە زمانییەکان و دەوروبەرەنازمانییەکان لەلایەکی تر) کۆپەیوەندییەکی کۆزمانەوانیانەی ئەرکیی دێنێتە بەرهەم، کەئەویش بریتییە لە کۆپەیوەندیی نێوان دەقەزمانییەکان و دەوروبەرە زمانییەکان)[٩]. بەم پێییە بێت لەواتا تێناگەین، گەرلەدەقدانەبێت و لە هیچ دەقێکیش تێناگەین، ئەگەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکارنەهاتبێت، هاوکات ئەم بۆچونە لەتیۆریی شێوەکانی دوواندا نیوەناچڵ سەیردەکرێت و هەندێك جاریش پێچەوانە دەبێتەوە، بەوەی دەشێت بەشداربووانی ئاخاوتن لەدەقێکی زمانیی تێبگەن بەهۆی پێشبینیکردنی ئەو دەوروبەرە نازمانییەی شیاوە بۆ دەقەزمانییەکە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە تێڕامانێکی قوڵ لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ تێگەیشتن هەم لەچەمکی واتا لەناو دەقی زمانیی و دەرەوەی دەقی زمانییدا و هەم لەچەمکی دەقیش لەناو دەوروبەری نازمانییدا دەرەخسێنێت.

شیکردنەوەکانی ئەم تێڕامانە زانستیەش لەسەر بنەمای بۆچونەکانی قوتابخانەی ڕێزمانی هالیدای بونیادنراوە، چونکە هالیدای لە ڕێزمانەکەیدا پێیوایە ، کە : ((ڕێزمانی سیستمی لەسەر بنەمای (فرەئەرکی

زمان "Multiple-Function") بونیادنراوە. ئەم بنەمایەش لەسیستمی زمانەوانییدا لەوەدا ڕەنگدەداتەوە هەرپێکهاتێك وبنیاتێکی زمانی جۆرە ئەرکێکی جیاوازی هەیە. بەکارهێنەری زمان چەند هۆکارێکی دەربڕین لەبەردەمیدا بەدی دەکات، کەبەهۆیەوە دەتوانێ گوزارشت لەهزرو بیروبۆچونەکانی بکات))[10]. جارێکی تر خودی بۆچونی قوتابخانەکەی هالیدای لەگەڵ چەمکە کلیلی پێشینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا (هەڵبژاردنی زمانیی) کۆکدەبێت، کە هالیدای لەچەمکە کلیلی (فرە ئەرکیی زمانیی)دا دەریبڕیوە. بەم جۆرە هاوشانبوونی هەردوو چەمکی فرەئەرکیی و هەڵبژاردنی زمانیی بوونەتە بنەمایەکی پتەو بۆ داڕشتنی چەمك و گریمانەو بەشەکانی خودی تیۆریی (شێوەکانی دووان).

ئەگەر بمانەوێت ئاماژە بەچەمکی شێوەکانی دووان بکەین، ئەوا دەبێت ڕاستەوخۆ شیکردنەوە بۆ زمانبەکارهێنان لە بارودۆخێکی دیارییکراودا بکەین. بەم شێوەیە لە ئێستای کۆزمانەوانییدا چەمکی شێوەکانی دووان وەك زاراوەیەك بۆ هەر جۆرێکی زمان/شێوەیەکی ئاخاوتن بەکاردێت[11]، کە زیاتر لە بارودۆخە ئاخاوتنە تایبەتییەکاندا زەقدەبێتەوە. ئەم گونجاندنەی نێوان شێوەی دووان و بارودۆخە ئاخاوتنە تایبەتییەکە مەبەستی بەشداربووانی ئاخاوتن دەپێکێت و پەیوەندیی نێوانیان دەڕەخسێنێت. بێگومان دەشێت شێوەی دووانەکە قسەکردنی هەمەچەشن، یان نوسینی هەمەچەشن بێت، واتە مرۆڤەکان دەتوانن شێوەیەکی قسەکردنی دیاریکراو هەڵبژێرن، یان تێبگەن، کەلەبارودۆخێکی ئاخاوتنی تایبەتیدا بەکاردێت، یان دەتوانن لەدەقی نوسینی هەمەچەشن تێبگەن، کەلەبارودۆخێکی ئاخاوتنی تایبەتدا نوسراوە. بێگومان ئەم دوو شێوەیەی ئاخاوتن (قسەکردن و نوسین و چەشنە جیاوازەکانیان) جیاوازیی گەورە لەنێوانیاندایە و سروشتی بەرهەمهێنانەکەشیان جیاوازە، لەبەرئەوەی دەقی نوسراو شێوەیەکی دووانی گشتییە بۆ گوێگری نەناسراو نوسراوە، بۆیە دەبێت گشتی بێت وە پێشوەخت نوسەر پلانی بۆ ئاخاوتنەکەدانابێت، هەربۆیە دەگوترێت" نوسەرەکان بەشێوەیەکی گشتی دەقەکان بۆ گوێگرێکی زۆر دەنوسن، کە دەشێت زیاتر لە لێکدانەوەیەك هەڵبگرن، چونکە بۆ خوێنەرێکی تاك نەنوسراوە. بەڵگەی ئەم بۆچونەش لە (خوێندنەوەی پراگماتیکی) [12] دا دەردەکەوێت "[13].

ئەم تێڕوانینەش ئەوەناگەیەنێت، کە شێوەیەکی دووانی گوتراو (قسەکردن)ی دیاریکراومان نەبێت پێش قسەکردن و چونە ناوبارودۆخی ئاخاوتنەکە هیچ جۆرە پلانێکی بۆدانەنرابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێك ئاخاوتنمان هەیە، کەلەبارو دۆخێکی تایبەتیدا دەردەبڕدرێت، جگەلەوەی قسەکەر پێشوەخت بەئاگاییەوە پلانی بۆداناوە بەهەمان شێوەی دەقی نوسراویش ئاراستەی گوێگرێکی زۆر دەکرێت، هەروەك جیاوازیی نێوان ئاخاوتن لەسەر کەشوهەوا لەوانەیەکی ئاکادیمییدا لەلایەن مامۆستایەکەوە بۆ فێرخوازەکانی بەبەراورد بە ئاخاوتن لەسەر کەشوهەوا بۆ گوێگرێکی تایبەت. بەم شێوەیە قسەکەر بەردەوام، یان (ئاخاوتنێکی کارتێکراو ، یان ئاخاوتنێکی بەیەکگەیشتنیی) [14] دەهێنێتەدی وەزانیاریان پێدەگەیێنێت. هەر خودی ئەم جیاکردنەوەیە بۆخۆی دەتوانرێت وەك دوو چەشنی شێوەی دووان سەیربکرێت، هەر چەشنێکیان چەند جۆرێکی لێدەبێتەوە، هەرجۆرێکیان شێوەیەکی دووانە، هەر شێوەیەکییان وەك هەڵبژاردنێکی زمانیی جیاواز لەبارودۆخێکی ئاخاوتنی تایبەتدا بەکاردێت، بۆ نموونە لەجۆرەکانی شێوەی دووانی چەشنی یەکەم وەك شێوە دووانەکانی دەقی نامەی ئەلیکترۆنی، دەقی کتێبەکان، دەقی نامە، دەقی ئیمەیڵ، دەقی نوسراوی

ئینتەرنێت و ژورە ئەلیکترۆنییە گفتوگۆکردنیەکان. ئەمە جگە لەچەندین شێوە دووانی تری وەك وتاری ڕۆژنامەو ژیاننامەو لیستی بەرهەمە ئەدەبییەکان .. هتد، کە دەکرێت هەریەکەیان لەبارودۆخێکی ئاخاوتنی تایبەتدا بەکاربهێنرێت و وەك شێوەیەکی دووانی گشتی بناسرێت . هەر لەدەقی شێوەی دووانی نوسراودا شێوەی دووانی پسپۆڕیشمان هەیە، کەبۆ بارودۆخی ئاخاوتنی تایبەتمەند بەکاردێت وەك شێوەی دووانی دەروناسییانە . هەموو ئەم شێوە دووانیانەی چەشنی یەکەم پلان بۆدانراون و بەپلەی جیاواز بەهۆی جیاوازی بابەتەکانیان و ئامانج و مەبەستە جیاوازەکانیان کارتێکردن دەخولقێنن، بەلاّم چەشنی دووەمی شێوەی دووان، کە دەقی گوتراوە چەندین جۆری وەك بەکارهێنانی ئاخاوتنە جیاوازەکان لە بارودۆخە ئاخاوتنە جیاوازییەکاندا لەسەر بۆنە کۆمەلاّیەتییە جیاوازەکان دەکرێت (هەرلە چاکوچۆنییەوە تا گفتوگۆیەکی زانستیانەی ئەکادیمی، یان گوتارێکی سیاسی و ئاینی .. هتد).

لەشیکردنەوەی ئەم چەشن و جۆرانەی شێوەکانی دوواندا تێڕوانینە کۆزمانەوانییەکان گرنگییەکی تایبەت بە تایبەتمەندییە نازمانییە بارودۆخییەکان دەدەن، چونکە بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە چەندێتی بەشداربووان و ڕێژەی کارلێککردن و کارلێکنەکردن و چۆنیەتی پلاندانان بۆ جێبەجێکردنی شێوەی دووانەکە لەبارودۆخە نازمانییەکەدا دیاریدەکرێت. کەواتە تێگەیشتن لەچەمکی شێوەکانی دووان پەیوەستە بەچەمکی (تێگەیشتنی بارودۆخییەوە، کەمەبەست لێی ئەو پارامیتەرانەیە، کە شێوەکانی دووان  هەم لەیەکتر جیادەکاتەوەو هەم دیاریشی دەکات). ئەمەش بەواتای ئەوەی بارودۆخی ئاخاوتن و پەیبردن پێی بنەمایەکە بۆ پێشبینیکردنی خودی ئەو بارودۆخەی ئاخاوتنەکەی تێدا دەکرێت، بەمە ئەم تێگەیشتنی بارودۆخەش دەبێتە بنەمای دیارییکردنی پارامیتەری شێوەکانی دووان.

پارامیتەری شێوەکانی دووان زیاتر مەبەست لێی جۆرە جیاوازەکانی کۆزانینە بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن و زمانبەکاربەر ، چونکە دەشێت چەمکێك، کەبۆ گوزارشتکردن لەهەمان واتا بەکاردێت بەچەند شێوەیەکی جیاواز لەلایەن زمانبەکاربەرە جیاوازەکانەوە لەهەلۆێستە جیاوازەکاندا بەکاربێت، بۆنموونە لەم دەربڕینانەی سەرەتای قسەکردن بڕوانە، کەلەهەموویاندا مەبەست گەیاندنی هەمان زانیارییە، بەلاّم هەریەکەیان لەبارودۆخی ئاخاوتنی تایبەتدا بەکاردێت و کارلێککردنێکی جیاوازی لەنێوان بەشداربووانی ئاخاوتندا پێجێبەجێدەکرێت :

١.بێزەحمەت دەکرێت کەمێك گوێبگریت، تا تێتبگەیەنم ..

٢.بێزەحمەت گوێبگرە، تاتێبگەیت دەلێم چی ..

٣.ئەمەویَ ئەوەت پێبلێم، کە ..

٤.گوێبگرە تا ئەو زانیارییە بزانیت، کەمەبەستە ..

کەواتە نموونەکان و تێگەیشتن لێیان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کەیەکێك لەبنەماسەرەکییەکانی پارامیتەری شێوەکانی دووان بریتییە لە جەختکردن لە ناسنامەی کەسی ئاخێوەر [15].

شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، کەدەبێت زمانی بەکارهێنراو بۆ ئەو بارودۆخەی تێیدابەکاردێت گونجاوبێت، لەم ڕوانگەیەوە (هالیدای) هەولیداوە لەڕێگای دیاریکردنی (سێ) بگۆڕەوە جۆرە پێوانەیەك بۆ ڕەخساندنی بەکارهێنانی دەقی گونجاو لەبارودۆخی ئاخاوتنی گونجاودا دیارییبکات، هەربۆیە

هەولێداوە ئەم بگۆڕانەی دەق بەسەر (سێ) کەتیگۆریدا دابەشبکات، کەبەهۆیانەوە دەکرێت هەم لێکدانەوەی ئەو بارودۆخە بکەین، کەدەقێکی تێدا بەکارهاتووە، هەم پێشبینی ئەو بارودۆخەش بکەین، کەدەقێکی تێدابەکاردێت، بەم شێوەیە ئاڕاستەی شیکردنەوەکانی لێکۆڵینەوەکە وادەخوازێت، کەلەسەر هەمان ڕێچکەی بۆچونەکانی هالیدای، ئەم سێ بگۆڕە شیبکەینەوە و دواتر لەشیکردنەوە کارەکییەکانماندا وەك پێوەر بەکاریانبهێنینەوە.

**١ / ٢) بنەماکانی تیۆری شێوەکانی دووان:**

هەروەك لەوەچەپاری پێشوودا خرایەڕوو، هالیدای سێ بگۆڕی وەك پێوەر بۆ شیکردنەوەو دیاریکردنی دەوروبەری دەق دیاریکردووە، کە توانای پێشبینیکردن بەزمانبەکاربەر دەبەخشن بۆ پێشبینیکردنی دەوروبەری دەق (بەو پێیەی ئەم سێ بگۆڕە کۆدەبنەوە بۆئەوەی شێوەی دووانی دەق دروستبکەن) بگۆڕەکانیش بریتین لە:

**١ / ٢ – ١) سەرتۆپی ئاخاوتن / بواری ئاخاوتن"FIELD " )** [١٦]:

سەرتۆپی ئاخاوتن مەبەست لێی بوارو بابەتی ئاخاوتنە (دەق / گوتراو و نوسراو)، کە خودی دەقەکە دروستدەکات، واتە مەبەست لێی ئەو بابەتەیە، کە خودی ئاخاوتنەکە لە چوارچێوەیدا دەسوڕێتەوە. تێۆرەکە دوو پرنسیپی پێوەریانە بۆ بگۆڕی سەرتۆپی ئاخاوتن دیاریدەکات، کەبریتین لە :

أ- بابەت، یان باس، یان سەرتۆپی قسەلێوەکراو

ب- بەشداربووانی ئاخاوتن[١٧] .

ئەگەر لە ڕوانگەی بنەمای یەکەمەوە لە بواری ئاخاوتن بدوێین، ئەوا دەتوانرێت چەند جۆرێکی لێدیارییبکرێت :

١- سەرتۆپی ئاخاوتنی پسپۆرییانە (تەکنیکییانە)، مەبەست لێی دووانە لەسەر سەرجەم ئەو سەرتۆپانەی پەیوەستن بەلایەنە پسپۆڕی و پیشەیییەکانەوە، وەك شێوەی دووانی (پزیشکیی ، ئەندازیاریی، یاسایی،.. هتد) و (ئاسنگەران، زەڕنگەران،.. هتد)

٥. ا) نەخۆشەکە بلەد پرێشەرەکەی بەرزبۆتەوە. [ بواری پزیشکیی/ فەرمی ]

ب) زەختەکەت بەرزبۆتەوە. [ بواری پزیشکیی / نافەرمی ]

٢- سەرتۆپی ئاخاوتنی ناپسپۆرییانە، کەمەبەست لێی شێوەی دووانی ئاساییانەی بەکاربەرانی زمانە وەك لەبوارەکانی ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانە، ئاخاوتنی بازاڕکردن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکان.

٦. ا) بیزەحمەت کیلۆی تەماتە بەچەندە؟ [ زمانی فەرمییانە]

ب) تەماتەی جوانت بۆهاتووە؟ [ زمانی نافەرمییانە]

ئەگەر لەڕوانگەی ئەم دابەشکردنەی سەرەوە لەجۆرەکانی ئاخاوتنی پسپۆرییانەو ناپسپۆرییانە وردببینەوە، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت بەکاربەری بواری پسپۆڕی دەشێت بەشێوەیەکی دووانی فەرمییانە، یان نافەرمییانە قسە لە بواری ئاخاوتنەکەی بکات، کەئەمەش زیاتر دەوروبەرو دەوروبەری دەق و بەشداربووانی ئاخاوتن دیارییدەکات وەك شێوەی دووانی پزیشکێك لەسەر بواری نەخۆشییەکی دیاریکراو بۆ پزیشکە هاوڕێکانی

لەکۆنفرانسێکی زانستییدا، یان شێوەی دووانی هەمان پزیشك لەسەر هەمان جۆری نەخۆشی بۆ نەخۆشێکی نەخوێندەوار. دەکرێت شێوەی دووانی ئاخێوەرێکی ئاسایی لەکاتی بازاڕکردندا بەهەمان شێوەی دووانی پزیشکەکە فەرمییانە، یان نافەرمییانەبێت. لەم بارەشدا دیارییکردنی شێوە فەرمی و نافەرمییەکە بە بارودۆخی شێوەی دووانەکە و پەیوەندیی بەکاربەرانی ئاخاوتنەکەوە (کەئەمەیان بنەڕەتی بگۆڕی دووەمی تیۆری شێوەی دووانی هالیدایە) پەیوەست دەبێت [18].

خۆ ئەگەر لەڕوانگەی بنەمای دووەمەوە (بەشداربووانی ئاخاوتن) شیکردنەوە بۆ بگۆڕی (بواری ئاخاوتن) بکەین، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت، کە بەشداربووانی ئاخاوتن جگەلەوەی پێکهێنەرێکی سەرەکی شێوەی دووانەکەیە، کە ڕەنگە بێ ئەوان ئاخاوتنەکە هەر پێویست نەکات. لەهەمان کاتیشدا کۆزانیاریی بەشداربووانی ئاخاوتن، ئەو ڕاستییە بەسەر قسەکردنی شێوەی دووانەکە دادەسەپێنێت، کە چ جۆرە شێوە دووانێك بەکاربهێنێت، واتە شێوەی دووانی ئاخێوەر جگەلەوەی، کەدەبێت پێشبینی کراوبێت بۆ گونجانی لەگەڵ دەوروبەری ئاخاوتنەکە بەهەمان ئاستیش دەبێت لەگەڵ ئاستی کۆزانیاریی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە گونجاوبێت ، چونکە ناکرێت بەشداربووانی ئاخاوتن زانیارییەکی تایبەتمەندیان لەسەر بوارێکی پسپۆڕی نەبێت و ئاخێوەری شێوەی دووانەکەش بەشێوەی دووانی پسپۆڕییانەی فەرمییانە، یان پسپۆڕییانەی نافەرمییانە بدوێت، چونکە لەبری لەیەکترگەیشتن، تێنەگەیشتن دێتەکایەوە، لەبەرانبەردا نەگونجاوە بەشداربووانی ئاخاوتن کۆزانیارییەکی تایبەتیان لەسەر بواری ئاخاوتن هەبێت و ئاخێوەری شێوەی دووانەکە بەشێوەی (ناپسپۆڕیانەی نافەرمییانە) بدوێت. کەواتە لەم تێگەیشتنەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کەجۆری زانیاری و کۆزانیاریی بەشداربووانی ئاخاوتن لەسەر بواری ئاخاوتن شێوەی دووانی ئاخێوەر دیاریدەکات، کە ئەوانیش (کۆزانیاریی تایبەت و کۆزانیاریی گشتیین).

١- کۆزانیاریی تایبەت :

مەبەست لەم کۆزانیارییە کۆی زانیارییە پسپۆڕییەکانە، کەخۆیان لەچێوەی واتای زاراوەو دەستەواژەو دەربڕاوە زانستییەکانی ئەو زانستەدا مەڵاسداوە و کەسانی / بەشداربووی پسپۆڕولێزانی بواری ئاخاوتنەکە شارەزاییان لەبارەیەوە هەیەو تێیاندەگات.

٢–کۆزانیاریی گشتی :

مەبەست لێی زانیارییە گشتییەکانە لەبوارێکی دیاریکراودا، کە زۆرینەی ئاخێوەرەکانی زمانەکە پێیئاشنان و لەکاتی دەربڕین و گوێلێبوونیاندا واتاو واتالێکدانەوەی پێئەنجامدەدەن و سانایانە تێگەیشتن دێنێتەکایەوە.

باشترین نموونەش بۆخستنەڕووی ئەم دوو جۆرە کۆزانیارییە، بریتییەلە ڕادەو ڕێژەی تێگەیشتنی بەشداربوویەکی پسپۆڕ لەشێوەی دووانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی ئاکادیمییانە لەسەر کەشوهەوا، لەبەرانبەردا ڕێژەی تێنەگەیشتنی بەشداربوویەکی ناپسپۆڕ لەشێوەی دووانی هەمان لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنیشی لەشێوەی دووانی وتارێکی ڕۆژنامە لەسەر کەشوهەوا (لەبەرئەوەی پسپۆڕییانە نەنوسراوە).

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم ڕستانە :

٧. ئاو لە پلەی سفری سەدیدا دەیبەستێت.

٨. ئاوەکە سەهۆڵاوێکە بۆخۆی.

٩. کەشوهەوای زستانی ئەمساڵ بەپێی کەمبوونەوەی زیانەکانی سەر چینی ئۆزۆن دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.

١٠. زستانەکەی تەڕوبڕە لە زستانی جاران دەچێت.

**١ / ٢ – ٢) جۆری بەشدارییکردن ”Tenor “:**

بەشێکی سەرەکی تێگەیشتن لەهەردەقێك بریتییە لە چۆنییەتی و چییەتی ڕادەو ڕێژەی بەشدارییکردنی بەشداربووانی ئاخاوتن و سروشتی کارلێککردنیان و چییەتی ڕەنگدانەوەی پایە کۆزمانەوانییەکانی (توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی)چ قسەکەرو چ گوێگر، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت، کە سروشتی بەشداربووان و چۆنییەتی پەیوەندییکردنیان و ڕوودانی کارلێك لە نێوانیاندا، لەسەر دوو ئاستی سەرەکی دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆبکرێت [١٩].

**ئاستی یەکەم: باری پەیوەندی و پێگەی کۆمەڵایەتی:**

بێگومان ئەو بارەی پەیوەندییەکەی تێداجێبەجێدەکرێت دەبێت بە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەشداربووەکانەوە پەیوەستبێت، چونکە پێگەی کۆمەڵایەتیی هاوبەشەکان دەشێت یەکسان، یان نایەکسان بێت، کەلەهەربارێکیشیاندا شێوەی دووانەکە دەگۆڕێت وەك شێوەی دووانی نێوان دوو بەشداربووی، وەك (دوو فەرمانبەری هاوڕێ، دوو کرێکاری هاوشان، دوو جوتیاری زەحمەتکێش) ، کەهەمان پێگەی کۆمەڵایەتییان هەیە لەبەرانبەردا شێوەی دووانی دووبەشداربووی وەك (بەڕێوبەرو فەرمانبەر، ئەفسەرو سەرباز ، ..هتد)، کەپێگەی کۆمەڵایەتییان جیاوازە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لەم ڕستانە بڕوانین :

١١. ا) ئا ئەو نوسراوەم بۆبێنە.

ب) باشە ئیتر بیبڕەرەوە.

١٢. ا) قوربان مۆڵەتم دەدەیتێ.

ب) داواکارییەکە بنوسە، دواتر وەڵامت دەدەمەوە.

**ئاستی دووەم: بەشداریی ویژدانی :**

ئەو ئاستەیە، کە تێیدا بەشداربووانی شێوەی دووانەکە دەشێت سۆزو خۆشەویستییەکی تایبەت کۆیانبکاتەوەو جێپەنجەی لەسەر شێوەی دووانەکە بەجێبهێڵێت، یاخود دەشێت نەك هەر سۆزو خۆشەویستی لەنێوان بەشداربوواندا نەبێت، بگرە هەستە ویژدانییە پێچەوانەکەشی (ڕقاوی) بوونی هەبێت، کە ئەمیش جارێکی تر کاریگەری خۆی لەشێوەی دووانی نێوان بەشداربووەکاندا دەبێت. کەواتە لێرەوە دەتوانین دوو جۆر بەشداریی ویژدانی دیارییبکەین :

أ- **بەشداریی ویژدانیی بەرز:**

ب- **بەشداریی ویژدانیی نزم:**

ئەگەر هاتوو پەیوەندییەکی پێشینە لەنێوان بەشداربووانی شێوەی دووانەکەدا هەبوو، ئەوا بەڵگەیە بۆ بوونی پەیوەندییەکی ویژدانیی بەرز (کەدەشێت پەیوەندییە ویژدانییەکە سۆزو خۆشەویستی بێت، یان ڕق و

کینەبێت)، وەك :

١٣. ا) هاوڕێ گیان هێمنتر لەبابەتەکە بڕوانە. بەشداریی ویژدانیی بەرز (خۆشەویستی)

ب) بەچاوت هێورم، بەڵام زۆر توڕەی کردووم.

١٤. ا) هەست ناکەیت هەموو سنورێکت بەزاندووە. بەشداریی ویژدانیی بەرز (ڕق و کینە)

ب) تائێرەو بەس، تاسەر لوتم هاتووە.

بەڵام ئەگەر هاتوو پەیوەندییەکی ویژدانی پێشینە لەنێوان بەشداربووانی شێوەی دووانەکەدا نەبوو، ئەوا بەشداربووان بەشدارییەکی ئاساییانە (نزم) دەکەن و تێیدا جۆری پەیوەندیی بەشداربووانی شێوەی دووانەکە تەنها ئاڵوگۆڕی زانیارییە، وەك :

١٥. ا) ئەو سەیارەیە نرخی چەندە؟

ب) بەکاش یان بەقیست؟

پ) بەقیست.


ت) ئەها ئەگەر بەقیستبێت نرخی (١٠٠٠٠) دەهەزار دۆلارەو پێشەکی (٥٠٠٠) دۆلار دەدەیت و قیستی مانگانەکەی (٥٠٠) دۆلارە.

### ٢/١-٣) شێوەکانی پەیوەندییکردن "Mode":

باشترین ڕێگە بۆتێگەیشتن لەم بگۆڕەی تیۆرەکەی هالیدای، بۆچونەکەی (محمود احمد نحلة) یە، کەدەربارەی شێوەکانی پەیوەندییکردن، دەڵێت:

((مەبەست لێی ئەو ئامرازە، یان ئەو کەناڵی پەیوەندیەیە، کە بەهۆیەوە دەق بەرجەستەدەبێت چ گوتراوبێت چ نوسراوبێت، جا مەنەلۆگییانە خرابێتە ڕوو، یان دیالۆگیانە، یاخود شێوەیەکی نوسراوی گوتراوی هەبێت، وەك دیالۆگ لە چیرۆك و ڕۆمان و نوسراو و وەرگێڕاوەکاندا))[٢٠]

بۆچونەکەی سەرەوە ئەوەمان پێدەڵێت، کە شێوەکانی پەیوەندییکردن ئەو هۆکارەیە (زمانیی، یان نازمانیی)، کە دەتوانێت بەرجەستەکەری پێشبینییەکانی بواری ئاخاوتن و جۆری بەشدارییکردن بێت. بێگومان بەڕادەی فرەجۆری بواری ئاخاوتن و جۆری بەشدارییکردنەکان (هەروەك لە (٢/١-١) و (٢/١-٢) داخرایە ڕوو، دەبێت شێوەکانی پەیوەندییکردنیش لەهەر بارێکی پەیوەندییکردندا هێندە نەرمونیانی تێدابێت، کە بتوانێت فرەچەشنیەکانی جۆری بەشداری بەشداربووانی بوارە هەمەچەشنەکانی ئاخاوتن بەدیبهێنێت، هەربۆیە وێڕای بوونی چەندین تەرزی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی و تەنانەت پراگماتیکی جیاوازیش لەهەر زمانێکدا[٢١]، خودی هەر زمانێك چەندین چەشنی فرەشێوەی پەیوەندییکردنی تێدایە، کەسیمای نەرمونیانی بەسەرجەمی زمانەکە دەبەخشێت و توانای هەڵبژاردنی یەکێك لەو تەرزانەی شێوەکانی پەیوەندییکردن دەخاتە بەردەم بەشداربووانی ئاخاوتن و بۆ گونجاندنی شێوەی پەیوەندییکردنیان بەپێی بواری ئاخاوتن و جۆری پەیوەندییکردنیان ئاراستەیان دەکات. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت پەیوەست بەبۆچونەکانی زانستی زمانی ئەرکییەوە (علم اللغة الوظيفي"FUNCTIONAL LINGUISTICS")[٢٢]ی زانا هالیدایەوە ئەم جۆرە پۆلکردنە بۆ شێوەکانی پەیوەندییکردن لەزمانی کوردییدا بخەینەڕوو[٢٣] :




**هێڵکاری (ژمارە –١–) شێوە زمانییەکانی پەیوەندییکردن**

بەوردبونەوە لەم چەشن و جۆرانەی شێوەکانی پەیوەندییکردن بۆماندەردەکەوێت، کە تیۆری شێوەکانی دووان زیاتر پشت بەخودی ئەم نەرمونیانیەی ئامرازی پەیوەندییکردن دەبەستێت، کەلە هێڵکارییەکەی سەرەوەدا خراوەتەڕوو، هەربۆیە دەکرێت ئەم پۆلکردنەی شێوەکانی پەیوەندییکردن لەتیۆری شێوەکانی دوواندا وەك چەمکێکی گشتگیر بۆ سەرجەم زمانەکان بەزمانی کوردییشەوە وەربگیرێت ، لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە ویستویەتی ڕاستی بوونی ئەم شێوانەی پەیوەندییکردن لەزمانی کوردیدا بسەلمێنێت، بەواتا ئەگەر بەشێوەیەکی ئەرکییانە لەشێوەکانی پەیوەندییکردنی پۆلکردنەکەی پێشوو وردبینەوە، ئەوا لە شێوەی پەیوەندییکردنی نوسراودا، کە سێ چەشنی سەرەکییە دەتوانرێت نموونەی نوسینێکی ئاسایی، کە تەنها بۆ

خوێندنەوەیە (وەك وتاری ڕۆژنامە) بهێنرێتەوە. لەچەشنی دووەمدا، کە دەقە نوسراوەکە قسەی پێبکەین وەك ئەوەی هەر نەنوسرابێت و زیاتر خۆی لەو دەقە زانستییەدا دەبینێتەوە، کە مامۆستایەکی زانکۆ بۆ وانە گوتنەوە ئامادەی دەکات، بەڵام زارەکیانە وانەکەی دەڵێتەوە. لەچەشنی سێیەمیشیاندا دەقێکی نوسراوە، کەجارێکی تر تەنها بۆ خوێندنەوەی خوێنەرە بێ ئەوەی بگۆڕێت، بەڵام شیانی گۆڕانیشی بۆ دەقی گوتراو هەیە.

هەرچی دەقی گوتراوە دوو چەشنی سەرەکیی هەیە، کەیەکێکیان بەرنامە بۆدانەنراوە و خۆی لە هەڵچونە زمانییەکاندا دەبینێتەوە، وەك نموونە قسەیەکی ئەم چەشنە. هەرچی چەشنی دووەمە، کەبەرنامە بۆدانراوە، دووجۆری سەرەکیی لێدەبیتەوە، کەیەکەمیان دەتوانرێت بە (خوێندنەوەی پەیوەستدار) ئاماژەپێبکرێت وەك (قورئان خوێندن). جۆری دووەمیش، کە قسەکردنە وەك ئەوەی نوسراوە دەتوانرێت لە گوتارێکی ڕاگەیەندراوئاسای مەکتەبی سیاسیی پارتێکی سیاسیدا خۆی ببینێتەوە، کەخوێنەری دەقەکە تەنها بۆی هەیە دەقەکە بخوێنێتەوەو هیچی تر.

سەرجەمی شیکردنەوەکانی سێ بگۆڕەکەی هالیدای، کەخۆیان لە (سەرتۆپی ئاخاوتن / بواری ئاخاوتن) و (جۆری بەشدارییکردن) و (شێوەکانی پەیوەندییکردن) دەبیننەوە، بۆ خولقاندنی توانستی (پێشبینییکردن) بنەمای سەرکین، بەشێوەیەك ئەگەر بێت و کەسێکی دەرەوەی دەقێکی دیارییکراو، کەلەباروددۆخێکی دیاریکراودا گوترابێت و ئەم هیچ زانیارییەکی لەسەر نەدەقەکە و نەبارودۆخی دەقەکە نەبێت، بەڵام بەوردێتی لەتێگەیشتن لە سێ بگۆڕەکەی تیۆریەکەی هالیدای نەك هەر دەتوانێت بچێتە ناو ئەو دەقەوە، بگرە دەتوانێت ببێتە بەشدارێکی چالاکی ئەو دەقە.

خۆ ئەگەر بێت و ئەمە بۆبەشدارییکردنی دەقێکی نەناسراو هەمیشە ڕاست نەبێت، ئەوا بۆ پێشبینییکردنی ئەو دەوروبەرەی دەقێکی تێدانوسراوە، تەواو ڕاستە.

**٢) پراکتیکی کەتیگۆرییەکانی (سەرتۆپی ئاخاوتن / بواری ئاخاوتن، جۆری بەشدارییکردن، شێوەکانی پەیوەندییکردن) لەچەند دەقێکی زمانییدا:**

پاش ئەوەی پاری یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ بنەما تیۆرییەکانی (شێوەکانی دووان) تەرخانکرابوو و لەچێوەیدا بنەما تیۆرییەکانی ئەم تیۆرییە شیکردنەوەی بۆکراو وخرایە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. بەو پێیەش، کە چەمکی (هەڵبژاردنی زمانیی) لەبارودۆخە هەمەڕەنگەکاندا ڕۆڵ و گرنگی لەدیارییکردنی شێوە جیاوازەکانی دوواندا لەمیانەی قوتابخانەی ئەرکی هالیدایدا هەیە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی کۆپەیوەندیی نێوان دەقە زمانییەکان و دەوروبەرە زمانییەکان و کاریگەریی و کارلێکیان لەگەڵ یەکتردا. لەم ڕوانگەیەوە ئاڕاستەکانی بواری ئاخاوتن و جۆری بەشدارییکردن و شێوەکانی پەیوەندییکردن دەبنە سێ ئاراستەی بەیەکەوە گرێدراو و شوێنپەنجەی دیار و بەرچاویان لە دیارییکردنی شێوە هەمەجۆرەکانی دوواندا دەبێت. بۆ پراکتیککردنی ئەم تیۆرییە لەم پارەی توێژینەوەکەدا دوو دەقی زمانی بەناوەڕۆکێکی زانستییەوە وەردەگرین و لەڕوانگەی ئەو سێ ئاراستە ئاماژەپێدراوەی سەرەوەدا شیکارەپراکتیکییەکان ئەنجام دەدەین، لەگەڵ زانینی ئەوەی بواری ئەم پراکتیکە فراوانە ، بۆیە لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی سنورداری زانستی وەك ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها بواری ئەوە هەیە، شیکردنەوە کارەکییەکە تەنها لە سەر شێوەی دووانی نوسراو بکرێت. لەم شێوە دووانە

نوسراوەشدا، شێوە دووانی نوسراوی پسپۆڕییانە و ناپسپۆڕییانەی (پزیشکیی) هەڵبژێردراوە، بە شێوەیەك، کە لە دەقی یەکەمیاندا شێوەیەکی دووانی پسپۆڕییانەی تەواوە، بەڵام لە دەقی دووەمیاندا ناپسپۆڕییانەیە، بەم شێوەیە لەم پارەی لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵدەدەرێت، هەر دەقێکیان لە ڕوانگەی بنەماکانی تیۆری (شێوەی دووان)ەوە شیبکرێنەوە، تا بسەلمێنرێت، کە شێوەی دووان لە زمانی کوردیدا هەمەچەشنە و زمانبەکاربەر لە سەر بنەمای شیانی (هەڵبژاردنێکی) گونجاو زمان بەکاردەهێنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١/٢ دەقی یەکەم : بۆچی توشی کۆلێرا بووین؟**

بەکتیریای کۆلێرا، کەپێی دەوترێت (ڤایبرۆکۆلێرا"VIBRO CHOLERA") سەر بەخانەوادەیەکە (سپیشیزێك"SPECIES")، کە زیاتر لە (٢٠٠) نەوە (سیرۆگروپ"SEROGROUP")ی هەیە. تاوەکو ساڵی (١٩٩٢ز) سیرۆگرۆپی(O1) گەورەترین هۆکاری پەتای کۆلێرابوو لەجیهاندا. لەو ساڵەدا سیرۆگروپێکی تر دەستنیشان کراو دۆزرایەوە، کە سیرۆگروپی (O139) یە. سیرۆگروپی (O1) پۆلێن دەکرێت بۆسەر دوو جۆر (بایۆتایپ"BIOTYPE")، کە (کلاسیك و ئێلتۆر" **CLASSICAL AND ELTOR**")ن. هەریەك لەو بایۆتایپانەش دیسان بۆسەر دوو (سیرۆتایپ"SEROTYPE") دابەشدەکرێت، کە (ئینابا و ئۆگاوا" INABA AND OGAWA")ن. لەو شوێنانەدا بەکتیریای کۆلێرا خۆی بە گیانەوەرە پچوکەکانی ناو ئاوی سوێرەوە دەنوسێنێت مرۆڤ زۆربەی جارەکان بەڕێکەوت توشی بەکتیریای کۆلێرادەبێت، بەڵام هەرکە توشی ببێت یەکسەر دەبێتە ئامرازێکی خێرای گواستنەوەی نەخۆشییەکە بۆ کەسێکی تر. هەرچەندە بۆی هەیە، کە بەکتیریای کۆلێرا خۆی بە ئاژەڵێکی بچووکەوە هەڵواسێت، بەڵام بەکتیریاکە لەناو لەشی هیچ بونەوەرێکی تر نامێنێتەوەو مرۆڤ تەنها گیانلەبەرە، کە کۆلێرا لەناو لەشیدا گەشەدەکات. ئەم ڕاستییە ڕەنگە یارمەتیدەربێت بۆئەوەی بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێین، کە هاوکاری بونەوەرەکانی تر دەکەن لەبەرگرییکردن لەتوشبوون بە کۆلێرا و دواجار بەکارهێنانی هەمان ئەو میکانیزمانەی، کە بونەوەرەکانیتر بەکاریدەهێنن بۆ بەرگرییکردنی مرۆڤ لە نەخۆشییەکە. بۆئەوەی کۆلێرا کەسێکی ئاسایی نەخۆش بخات دەبێت، ژمارەیەکی زۆری بەکتیریاکە بچێتە لەشی مرۆڤەکەوە، بەڵام لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراودا ژمارەی ئەو بەکتیریایانەی، کە پێویستن بۆئەوەی مرۆڤەکە توشبکەن و نەخۆشی بخەن کەمترن بۆنموونە: لەو حاڵەتانەی کە ترشی گەدە کەم دەبێتەوە، یان بەهۆی نەخۆشییەکی دیاریکراوەوە یاخود لەڕێی بەکارهێنانی دژە ترشی گەدە (ئەنتیئەسد ، زانتاك، تەگەمێنت، ئۆمیپرازۆل ، ...) کەسەکە بەژمارەیەکی کەمتری بەکتیریا بۆی هەیە توشی کۆلێرا ببێت[٢٤].

ئەگەر لەڕوانگەی هەرسێ ئاراستەی (سەرتۆپی ئاخاوتن/ بواری ئاخاوتن، جۆری بەشدارییکردن، شێوەکانی پەیوەندییکردن)ەوە بڕوانینە ئەم دەقە، ئەوا دەتوانرێت بەمشێوەیە شیکردنەوەی بۆ بکرێت:

**١) سەرتۆپی ئاخاوتن/ بواری ئاخاوتن:**

وەك لەپاری یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدرا سەرتۆپی ئاخاوتن/بواری ئاخاوتن مەبەست لەبابەتی ئاخاوتنە واتە خودی ئەو ئاخاوتنە لەچوارچێوەی چ بوارێکدا دەسوڕێتەوە، هەر لە ڕوانگەی تیۆریەکەشەوە ئەگەر پەیوەست بە دوو پرنسیپە پێوەرییەکەی بگۆڕی سەرتۆپی ئەم دەقە شیکردنەوەکان ئەنجام بدەین:

١/ بابەت، یان سەرتۆپی قسەلەسەرکراوی ئەم دەقە بریتییە لە بابەتێکی زانستی/ پزیشکیی گشتی، کەلەسەر

نەخۆشی (کۆلێرا)یە و ئەگەر لەزاراوە زانستییە بەکارهاتووەکانی دەقەکە وردبینەوە :

١.بەکتیریا ٢.کۆلێرا ٣.ڤایبرۆکۆلێرا ٤.سپیشیزێك ٥.سیرۆگرۆپ ٦.پەتا ٧.سیرۆگروپی (O1) ٨.سیرۆگرۆپی (O139) ٩.بایۆتایپ ١٠.کلاسیك ١١.ئێلتۆر ١٢.سیرۆتایپ ١٣.ئینابا ١٤.ئۆگاوا ١٥.ئاوی سوێر ١٦.میکانیزم ١٧.بەرگرییکردن ١٨.ترشی گەدە ١٩.دژە ترشی گەدە ٢٠.ئەنتیئەسد ٢١.زانتاك ٢٢.تەگەمێنت ٢٣.ئۆمیپرازۆل.

وەك ئامارێکی ڕوماڵییانە بۆماندەردەکەوێت، کە دەقەکە لە (١٥٠) وشەی فەرهەنگی پێکهاتووە، جگە لە وشە نافەرهەنگییەکان، لەم ڕێژەیە، تەنها (٢٣) وشەی فەرهەنگی وەك زاراوە بەکارهاتوون و لەڕووی واتاوە پسپۆڕییان پەیدا کردووە. ئەم ئامارەش جەخت لە سەر دوو ڕاستی بەیەکداچووی تەواوکەری یەکتر دەکات، کەیەکەمیان بریتییە لەوەی لە زمانی کوردییدا شێوەی دووانی پسپۆڕی بوونی هەیە و خاوەنی زاراوەی تایبەت بە خۆیەتی، هەروەها ڕاستی دووەمیشیان جەخت لەوە دەکات، کە ئەم شێوە دووانەی زمانی کوردیی هێشتا لە قۆناغەکانی دروستبووندایە و پێویستی بە گەشەی زیاتر هەیە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی لە کۆی (١٥٠) وشەی فەرهەنگی تەنها (٢٣) وشەیان وەك زاراوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

بەم شێوەیە بۆماندەردەکەوێت، کە بواری ئەم ئاخاوتنە پسپۆڕییانە/ تەکنیکییانەیە، لەبەرئەوەی بابەتی قسەلێوەکراو بابەتێکی پسپۆڕیی ڕوتە و زاراوە پزیشکییە بەکارهاتووەکانیش بەڵگەی پسپۆڕیبوونی ئەم دەقە بەدەستەوە دەدەن، چونکە ئەمە شێوەی دووانی پزیشکێکی پسپۆڕە لەبوارەکەی خۆیدا و دووانێکی فەرمییانەیە لەبواری نەخۆشیەکەدا. بەم پێیەش دەوروبەری دەق و بەشداربووانی دەق لەم ئاخاوتنەدا گرنگی و پێگەی خۆیان هەیە، چونکە خوێنەری ئەم دەقە پێویستە پاشخانێکی پزیشکیی گشتی هەبێت بۆئەوەی لەبابەتی دەقەکە بگات و کارلێکی لەگەڵدا بکات، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەربەپێی بنەمای بگۆڕی دووەمی تیۆری شێوەکانی دووانی هالیدایەوە، کە (بەشداربووانی ئاخاوتن)ە، شیکردنەوە بۆ بگۆڕی ئەم بواری ئاخاوتنی دەقە بکەین ئەوا پێویستە بوترێت، کە جگە لەوەی بەشداربووانی ئاخاوتن پێکهێنەرێکی سەرەکی شێوەی دووانەکەن، هاوکات کۆزانیاریی بەشداربووانی ئاخاوتن هەژموونی خۆی بەسەر قسەکەری شێوەی دووانەکەدا دەبێت بەو پێیەش لێرەدا پرسیار ئەوەدەبێت ئایا چ جۆرە شێوە دووانێك بەکاربهێنێت؟ وەڵامی ئەمەش لەوەدا دەبینرێتەوە شێوەی دووانی ئەم پسپۆڕە جگە لەوەی دەبێت پێشبینی کراوبێت بەمەبەستی گونجانی لەگەڵ دەوروبەری دەقەکە، بەهەمان ئاست و پلەش دەبێت لەگەڵ ئاستی کۆزانیاریی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە (خوێنەرانی دەقەکە) شیاوبێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر بەپێی کۆزانیاریی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە لەدەقەکە وردبینەوە، کە بێگومان بنەمای سەرەکی پێشبینیکردن و تێگەیشتنی دەقەکە دێنێتە ئاراوە بۆمان دەردەکەوێت، کە نوسەری دەق و خوێنەری دەقیش کۆزانیارییەکی تایبەتییان هەیە بەواتای ئەوەی نوسەر و خوێنەر پاشخانێکی زانستی پزیشکییان بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی زاراوەو دەربڕاوە زانستییەکانی ئەم دەقە هەیە.

**٢) جۆری بەشدارییکردن :**

ئەگەر لەڕوانگەی جۆری بەشدارییکردنەوە بڕوانینە دەقەکە، ئەوا بێگومان چۆنێتی و چییەتی ڕێژەی بەشداربووانی دەقەکە و سروشتی کارلێکردنیان و چییەتی ڕەنگدانەوەی پارامیتەرەکانی (توخم و تەمەن و

پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) بەشداربووان لەسەر دیاریکردنی شێوەی دووانەکە گرنگن. بۆ ئەم مەبەستەش شیکارەکە لە سەر دوو ئاست جێبەجێدەکرێت، کە بریتین لە:

**أ-) باری پەیوەندیی و پێگەی کۆمەڵایەتی:**

باری پەیوەندییکردنی نوسەر بە خوێنەرەکانیەوە لەم دەقەدا لە خۆیدا لە سەر بنەمای ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەیە، کە نوسەر بۆ خودی دەقەکەی پێشبینی کردووە. بەمەش توانیویەتی پێگەی کۆمەڵایەتی خودی خۆی وەك نوسەر و گوێگرەکانی وەك خوێنەری ڕاستەوخۆی دەقەکە پێشبینی بکات و هەر لە سەر بنەمای ئەم پێشبینکردنەش توانیویەتی بوار و وردەکارییەکانی سەرتۆپی نوسینەکەی و سەرتۆپی سەرەکی و لاوەکییەکانی پێجیابکاتەوە و بە شێوەیەکی زنجیرەیی، یان هەرەمییانە پێدابڕێژێت، بە شێوەیەك خوێنەر بتوانێت شیانی هەڵبژاردنە زمانییەکەی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. بەمشێوەیە لەم دەقەدا نوسەر دەکرێت [+/- نێر] بێت هاوکات تەمەنی بەشداربووان دەبێت [+ هەراش] بێت و پێگەی کۆمەڵایەتیشیان، کە چۆنیەتی و سروشتی پەیوەندییکردنەکە دیاریدەکات جێی باس و تێڕامانە، ئەمەی دوایشیان یەکێکە لەو ئاستانەی دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت پەیوەست بەباری پەیوەندیی و پێگەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانەوە، چونکە گومان لەوەدا نییە باری پەیوەندییەکە وابەستەی پێگەی کۆمەڵایەتی بەشداربووانە، کە ئایا هاوبەشان یەکسانن/ هاوشانن، یان نایەکسانن لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە. لەم دەقەشدا ئەوەی بەدیاردەکەوێت شێوەی دووانەکە لەنێوان دوو لایەندایە یەکەمیان پسپۆڕە لەبواری پزیشکییدا و لایەنی دووەمیشیان بۆ خوێنەرێکە، کە پسپۆڕبێت لەبوارەکەدا و ئاستی ڕۆشنبیری پزیشکییان بەرزە، یان لانی کەم لەهەوڵی وەرگرتنی پسپۆڕیدابن (وەك خوێندکارانی کۆلێجی پزیشکی گشتی).

**ب-) بەشداریی ویژدانی:**

ئاستێکی تری شیکارییەکە (بەشداریی ویژدانی)یە لەدەقەکەدا، کە وەك دەبینرێت ئەم دەقە دوورە لەهەموو کارلێکێك، کە لە ڕوانگەی سۆزو خۆشەویستی، یان ڕق و کینەوەبێت و دیارە بەشداری ویژدانیی لەنێوان بەشداربوواندا بێلایەنە، لەبەرئەوەی بواری بابەتەکە بوارێکی پزیشکی ڕووتەو دوورە لەو سۆزو هەڵچونانەی، کە لەدەقێکی ئەدەبی، یان دەقێکی کۆمەڵایەتیدا دەبینرێت، بۆیە جۆری بەشدارییکردنەکە تەنها گەیاندنی زانیارییەکی پزیشکییە.

**٣) شێوەکانی پەیوەندییکردن :**

ئەگەر لەڕوانگەی ئامراز، یان کەناڵی پەیوەندییەوە بڕوانینە ئەم دەقە، کە بەهۆیەوە پەیامی نوسراوی دەقەکە دەگات و ئامانجی خۆی دەپێکێت، ئەوا دەبینین هۆکاری زمانیی شێوەی پەیوەندییکردنی دەقەکەی بەرجەستەکردووە، بۆیە وێڕایی هەبوونی چەندین تەرزی فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی زمانی کوردی، لەزمانی ئەم دەقەدا شێوەیەکی پەیوەندییکردن لە شێوە و تەرزە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییکردن هەڵبژێردراوەبەچەشنێك، کە لەگەڵ بواری ئاخاوتن و جۆری بەشدارییکردندا بگونجێت و تەواوکەری یەکتربن ئەویش شێوەی نوسراوە، شێوەی نوسراویش لەو وەچە شێوەیەیە، کە بۆ خوێندنەوەیە و ڕاستەوخۆ تێبینی ئەوە دەکرێت، کە نوسینێکی بەرنامە بۆدانراوە، ئەمەش کارایی دەقەکە بەرجەستەدەکات لەوەدا، کەئەم نوسینە بۆ گۆڤارێکی زانستییە و ڕاستە نوسەر یەك کەسە، بەڵام سروشتی گۆڤار لەو جۆرەیە،کە کەسانێکی

زۆر دەیخوێننەوە، بۆیە بەشداربووانی ئاخاوتن لە ئاخاوتنێکی ئاسایی فراوانترن.

ئەنجامی شیکردنەوەی ئەم دەقە لەڕوانگەی هەرسێ ئاڕاستەکەوە ئەوەمان پێدەبەخشێت، بۆئەوەی تێگەیشتن لەنێو بەشداربووانی ئاخاوتندا فەراهەم بێت، دەبێت دەقێك لەلایەن گوێگر (خوێنەر)ەوە پێشبینی لێکراوبێت. ئەم پێشبینیکردنەش خۆی لەبابەتی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی کەرەستەی زمانیی گونجاودا دەبینێتەوە، هاوکات دەبێت پێگەی کۆمەڵایەتی و لایەنی بەشداریی ویژدانی تەواوکەری هەڵبژاردنی شێوەی گوتن، یان نوسینی دەقەکە بێت.

**٢/٢ دەقی دووەم / جەستەی خۆت بناسە.**

کاتێك لەجەستەی مرۆڤ ورددەبینەوە و سەرنج لە چۆنێتی ئەنجامدانی فرمانەکانی دەدەین، توشی سەرسوڕمان دەبین، هەندێك جار توشی هەندێك حاڵەت دەبین کەلێی تێناگەین و نازانین بۆچی ڕوودەدەن، بۆنموونە هیچ کاتێك لەخۆت پرسیوە بۆچی لەناکاو دەپژمیت؟یان بۆ هەندێك جار دەست و پێیەکانت سڕدەبن؟ لەم بابەتەدا وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە دەبینی. چی ڕوودەدات لەکاتی پژمیندا؟ لەژیانی ڕۆژانەماندا زۆرجار بەرحاڵەتێك دەکەوین، کەبەپژمین ناسراوە لەبەشێکی ئاڵۆزی لەشماندا ڕوودەدات، کەدەم و لوتە، بەکاریگەری لەناکاوو کتوپڕی چواردەورمان یان بەکاریگەریی دەروونی و بیرکردنەوەیەك، یان بەهۆی سەرمابوون و هەوکردنی ڕوکاری تەنکی ناوەوەی لوتەوە. بەخۆگرژبونێك و پاڵەپەستۆیەك و خۆئامادەکردن و دەرهاویشتن و بەتاڵبوونەوەیەکی دەنگدار "هههها "پپششششیوو" کۆتایی دێت ئەگەر پژمەمان بێت، پێویستە بەتەواوەتی بپژمین. زوربەی بۆچونەکان بۆئەوە دەچن، کە لەکاتی پژمیندا ناولوتمان پاکژدەکەینەوە هەروەها ڕزگاری دەکەین لەتەپوتۆز و پیسی هەڵنیشتوو لەسەر دیوی ناوەوەی لوتمان. لەکاتی پژمیندا هەناسەیکی تەواو و قوڵ هەڵدەمژین لەڕێگەی دەم یان لوتەوە، کەزاناکان پێیان وایە ئەو هەڵمژینی هەناسە قوڵە جگەلەوەی سییەکان دەکاتەوە بڕبڕەی پشتیشمان بەئاراستەیەکی ڕەواندا دەبات و کرانەوە لەپشتماندا دروست دەبێت.ئەمەجگەلەوەی پژمین پەیوەندیی تەواوی هەیە بەسەر زیندوو بونەوەی تەواوی مولولە هەرە ناسکەکانی ناولوت و هەستەوەرەکانیەوە ،کەڕاستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بە مێشکەوە هەروەها کاریگەریی هەیە لەسەر جوڵەی بەشێکی زۆری ماسولکەکانی لەش ، کاتێك سیگناڵ ڕاستەوخۆ بۆمێشکمان دەگوازرێتەوەو دەیگەیەنێت بە پەرچەکرداری ماسولکەیی[٢٥].

بەتێڕامان لەم دەقە، شیکردنەوەی لەڕوانگەی هەرسێ ئاراستەی (سەرتۆپی/ بواری ئاخاوتن و جۆری بەشدارییکردن و شێوەکانی پەیوەندییکردن) دەخرێتەڕوو :

**١) سەرتۆپی ئاخاوتن/ بواری ئاخاوتن:**

ئەم دەقە لە گۆڤارێکی زانستیدا بلأوکراوەتەوە و بابەتی دەقەکە بریتییە لە (جەستەی خۆت بناسە) بەپێی ناونیشانەکە، ئەم بابەتە بابەتێکی پزیشکییە خۆی لە زانیاریی پێدان بەخوێنەر لەسەر جەستەی مرۆڤ دەبینێتەوە. دیسانەوە ئەگەر لەڕوانگەی هەردوو پرنسیپی پێوەری بگۆڕی (بابەت، یان سەرتۆپی قسەلێوەکراو) و (بەشداربووانی ئاخاوتن)ەوە شیکردنەوە بۆسەرتۆپی ئەم دەقە بکەین، ئەوا بۆمان ئاشکرادەبێت بابەتی قسەلێوەکراو ڕاستە بابەتێکی زانستییە، بەڵام خۆی لەچەند زانیارییەکی گشتی پزیشکییدا دەبینێتەوە، بۆچەند دیاردەیەکی پزیشکیی، کە ئێمە دیاردەیەکیمان وەرگرتووە،کە (پژمین)ە

وەك حاڵەتێكی باوڵەناومرۆڤەكاندا، كاتێك دەڵێین زانیارییەكی گشتییە ئەم بۆچونە لەدەربڕاوە بەكارهاتووەكانی دەقەكەوە بەرجەستە دەبێت، لەوانە:

٢٤. جەستە ٢٥.پژمین ٢٦. دەست و پێ سڕبوون ٢٧. لەش ٢٨. دەم و لوت
٢٩. سەرمابوون ٣٠. هەوكردن ٣١. خۆگرژبوون ٣٢. پاڵەپەستۆ ٣٣. هەناسە ٣٤. بڕبڕەی پشت
٣٥. مولولە ٣٦. هەستەوەر ٣٧. مێشك ٣٨. ماسولكە ٣٩. پەرچەكردار.

لە شیكردنەوەی ئامارییانەی ئەم دەقەدا بە شێوەیەكی ڕووپێوی بۆماندەردەكەوێت، كە دەقەكە لە (١١٨) وشەی فەرهەنگی پێكهاتووە جگە لە وشە نافەرهەنگییەكان، لە كۆی ئەم وشە فەرهەنگییانە تەنها (١٦) وشەیان وەك زاراوە بەكارهێنراون و ئەم بەكارهێنانەش بە جۆرێكە، كە ناتوانرێت وەك زاراوەی تەواو مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، چونكە هێشتا ئەم دەربڕاوانە وەك وشەیەكی فەرهەنگی لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییدا بەكاردەهێنرێن و وەك زاراوەیەكیش لە لایەن پسپۆڕەكانەوە بۆ شیكردنەوەی بابەتە زانستییەكان بەكاردەهێنرێت، تا بتوانرێت تێگەیاندن و تێگەیشتن بۆ خوێنەرە ناپسپۆڕەكان بێنێتە كایەوە. ئەم ئەنجامەش تەواو پێچەوانەی ئاماری ڕووپێوی دەقی شیكراوەی یەكەمە، چونكە زاراوەكان لە دەقی یەكەمدا زاراوەی تەواو پسپۆڕین و زۆر بە كەمی لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەكاردێن.

بەم شێوەیە ئەم دەربڕاوانە زوربەیان زاراوەی پزیشكیی پسپۆڕیی نین، ئەگەر زاراوەشی تێدابێت لەوجۆرەیە، كە لای خوێنەری ئاسایی(ناپسپۆڕ) باوە و بەكارهێنانیان لەدەرەوەی زانستی پزیشكیی بڵاوە، بۆیە بواری ئەم ئاخاوتنە لە بواری پزیشكییدا ناپسپۆڕیانەیە/نافەرمییە. لەم ڕوانگەیەوە دەوروبەری دەقەكە و بەشداربووانی دەقەكە كاریگەریی بەرچاویان لەسەر بابەتی شێوەی دووانەكە هەیە. ئەمەش لەوتێڕوانینەوە، كەخوێنەری دەق (بەشداربووانی ئاخاوتن) پێویستییان بەپێشینەیەكی پزیشكی نییە بۆئەوەی لەدەقەكە بگەن ، لێرەشەوە دەچینەسەر بنەمای بگۆڕی دووەمی بواری ئاخاوتنەكە، كە ئەویش (بەشداربووانی ئاخاوتن)ە. خوێنەری ئەم دەقە پایەیەكی سەرەكی شێوەی دووانەكەیە و دەقەكە لەپێناوی ئەماندا بەرهەمهێنراوە، بەم پێیە كۆزانیاری نوسەری دەق و خوێنەری دەق دەبێت تەواوكەر و وابەستەی یەكبن. ئەم وابەستەییەش لەمەرجی سەرەكی پێشبینییكردن و لێكگەیشتنەوە سەرچاوەدەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەو زانیارییانەی لەدەقەكەوە بەدەستدێن بنەماكەی كۆزانیارییەكی گشتییە، مەبەست لەم كۆزانیارییەش زانیارییە گشتییەكانی بوارێكی دیارییكراوە، كەزۆرینەی بەشداربووانی ئاخاوتن (خوێنەران) ئاشنایین و لەكاتی بیستنیاندا ساناییانە واتای دەربڕاوەكان تێدەگەن و كارلێك لەگەڵ دەقەكەدا دەكەن، ڕاستی ئەم بۆچونەش لەسادەیی وسانایی دەربڕاوەكانی دەقەكەوە فەراهەم دەبێت.

### ٢) جۆری بەشدارییكردن:

ئەگەر لەڕوانگەی جۆری بەشدارییكردنەوە شیكردنەوە بۆدەقەكە بكەین، ئەوا پێویستە لەوپرسیارەوە دەستپێبكەین (جۆری بەشدارییكردن چ كارییگەرییەكی لەسەر دیارییكردنی ئەم شێوەی دووانە هەیە؟)

سروشتی بەشداربووان و چۆنیەتی پەیوەندییكردنیان و ڕودانی كارلێك لەنێوانیاندا و لەبەرچاوگرتنی (توخم و تەمەن و پلەوپایەی كۆمەڵایەتی) بەشداربووانی دەق دەكرێت لەسەر ئەم دوو ئاستە شیكردنەوەیان بۆبكرێت:

**ا–) باری پەیوەندیی و پێگەی کۆمەڵایەتی:**

مەبەست لەباری پەیوەندیی توخمی نوسەری دەق وخوێنەرە، کەدەکرێت[+/–نێر] بێت، هاوکات تەمەنیان[+هەراش] بێت. بێگومان ئەم باری پەیوەندییەش لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی بەشداربووان پەیوەست دەبێت، بۆنموونە لەم دەقەدا شێوەی دووانی نێوان بەشداربووان تاڕادەیەکی زۆر هاوشانە، لەبەرئەوەی نوسەری دەق کەسێکە تامەزرۆی زانیاریی گەیاندن و ڕێنماییکردنی تەندروستییە لە ڕێی ناساندنی دەقەکە بەکۆمەڵێك خوێنەر، کەخەڵکانێکی پسپۆر نین و مەرج نییە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەبێت، لەبەرئەوەی خوێنەرانی ئەم دەقە لە هەر ئاستێکی خوێنەوارییدابن لەدەقەکە دەگەن و پێشبینی گونجاویان بۆ ئەم لێکگەیشتنە دەبێت.

**ب–) بەشداریی ویژدانی:**

ئەوەی لەم ڕووەوە بەدیدەکرێت ئەوەیە، کە تاڕادەیەك بەشداریی ویژدانی لەم دەقەدا بێلایەنە (چونکە بواری ئاخاوتن پزیشکییە)، بەڵام لەگەڵ ئەم بێلایەنیەشدا، هێشتا جۆرە نزیکییەك هەیە لە نێوان دەقەکە و خوێنەرانی دەقەکە، کە ئەمەش خۆی لە بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییە سادەکان و زاراوە ناسراوەکاندا دەبینێتەوە، کە دەقەکەی پێداڕێژراوە. بەم شێوەیە زمانی داڕشتنی دەقەکە توانیویەتی ، بە هۆی بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشە و زاراوانە و نزیکییان لە فەرهەنگی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خوێنەرانی جۆرە دڵنیاییەك بەخوێنەرەکانی ببەخشێت. ئەمەش بەوەی وشە و زاراوە بەکارهاتووەکانی بەشداربووانی ئەم دەقەی کۆکردۆتەوە، کە خۆی لەو ڕاستییەدا دەبینێتەوە. ئەم دەقە دەقێکی پزیشکی ڕووت نییە، بەڵکو خۆی لەکۆمەڵێك هۆکار و لێکدانەوەدا دەبینێتەوە، کە بۆ چەند دیاردەیەکی پزیشکیی خراونەتەڕوو و سانایانە دیاردەکان ڕاڤەدەکات و ترسی مرۆڤ لەدیاردەکان دەڕەوێنێتەوە. بێگومان ئەم لایەنەش سوربوونی نوسەر پیشاندەدات بۆ بەشدارییکردن لەڕوونکردنەوەو چارەسەری ئەم دیاردەپزیشکییانە و کارلێك و کاردانەوەی پۆزەتیڤی لای خوێنەر دەبێت.

**٣) شێوەکانی پەیوەندییکردن:**

شیکردنەوەی ئەم بگۆڕەی هالیدای باسییکردووە لەشێوەکانی دوواندا، لەدەقەکەدا مەبەست لەوهۆکارە زمانییەیە، کە لەتوانایدایە بواری ئاخاوتن و جۆری بەشدارییکردن لەنێوان بەشداربووانی دەقەکەدا بەیەکەوە ببەستێتەوەو وەك تۆڕێکی پەیوەندیی لەکاردابێت. ئەمەش بەهۆی ئەو ئامرازەی بە زمان ناسراوە، بەڵام ئەمە لەگشتێتیدا و لەوردەکارییشدا شێوەی ئامرازەکە گرنگی و پێگەی خۆی هەیە. لەم دەقەدا لەشێوەکانی پەیوەندییکردندا شێوەیەك لەنێوان چەندین شێوەی دەربڕینی زمانییدا هەڵبژێردراوە، کە بریتیە لە شێوەی (نوسراو)، بەڵام نوسینێك بەرنامە بۆدانراوە. نوسینێك، کە بۆ خوێندنەوە نوسراوە و مەرج نییە دەربڕدرێت و بوترێت وبۆ ئاراستەکردنی خەڵکییە بەرەو پاراستنی تەندروستییان.

شیکردنەوە کارەکییەکانی هەرسێ ئاراستەی (سەرتۆپی ئاخاوتن/ بواری ئاخاوتن، جۆری بەشدارییکردن، شێوەکانی پەیوەندییکردن) لەم دەقەدا جەختیان لەسەر جۆرێکی تری شێوەکانی دووان کردەوە، کە شێوەی

نوسینی دەقێکی نافەرمی/ ناپسپۆرییە، بەشداربووانی دەقەکە پێگەی کۆمەڵایەتییان تاڕادەیەکی زۆر هاوشانە و لەڕێی شێوەی نوسینەوە دەقەکە کاریگەریی و کارلێکی خۆی لەنێوان بەشداربوواندا گەیاندووە.
لایەنی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە سەلمێنەری ئەوەیە، کە دەکرێت چەندین شێوەی دووان لەزمانەکەماندا هەبێت و بڕیاردەر لەسەر جۆری شێوەی دووانەکەش شیکردنەوەی جەستەی دەق و دەوروبەری دەقەکەیە (پەیوەست بەسێ ئاراستەکەوە). لەم تێڕوانینەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بەراوردی شیکاری هەردوو دەقەکە بکرێت لە ڕوانگەی بنەماکانی تیۆری شێوەکانی دووانەوە، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە لە هەردوو دەقەکەدا شێوەیەکی دووانی نوسراوە لە بواری پزیشکییدا، ئەگەرچی هەردوو دەقەکە لە بنەمای یەکەمی (واتە بوار و سەرتۆپ)دا چوون یەکن، بەڵام لە هەردوو بنەماکەی تری تیۆرییەکە تەواو جیاوازن، لە یەکتر دوورن. ئەمەش جەخت لە سەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، کە دەقی یەکەمیان شیانێکی هەڵبژێراوی تایبەتە و تەواو جیاوازە لە دەقی دووەم، کە بە هەمان شێوە شیانێکی هەڵبژێراوی ترە.
بەم شێوەیە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە شیکارییە کارەکییە ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە بە ڕادەی هەمەچەشنی دەق و باردودۆخە کۆمەڵایەتییە ئاخاوتنەکانی ناو هەر کۆمەڵگایەك زمانی ئەو کۆمەڵگایەش شێوەی دووانی هەمەچەشن لەخۆ دەگرێت، کە خۆیان لەشێوەی (شیانی) جیاوازدا بۆ بەکاربەرانی زمان دەخەنەڕوو، تا لە کاتی پێویستدا هەڵیانبژێرن و کاری ڕۆژانەی پەیوەندییکردنی پێئەنجام بدەن. هەربۆیە وەك ئەنجامێك دەکرێت پێشبینی چەندین شێوە دووانی جیاواز لە زمانی کوردییدا بکرێت، وەك شێوەیەکی دووان لە نێوان پسپۆڕێك و ناپسپۆڕێك وەك ئەوەی پزیشکێك بە زمانێکی زۆر سادە نەخۆشییەك بۆ نەخۆشێك شیبکاتەوە (لە بری ئەوەی زاراوەی پزیشکی "بڵەد شوگەر" بەکاربهێنێت وشەی "شەکرە" بەکاردەهێنێت)،کە بێگومان ئەم جۆرە زمانە سەرجەم ئاڕاستەکانی (بواری ئاخاوتن، جۆری بەشدارییکردن، شێوەکانی پەیوەندییکردن) بەرەو ئاڕاستەیەکی جیاوازتر لە دوو دەقە شیکراوەکەدا دەبات، چونکە ئەو کاتە بواری ئاخاوتن ناپسپۆڕیی دەبێت، جۆری بەشدارییکردن (ناهاوشانی پێگەی کۆمەڵایەتی و هەبوونی سۆز) و شێوەی بەشداریکردن دەبێتە گوتراو لەو جۆرەی بەرنامە بۆ دانەنراوە، یان وەك شێوەی دووانی (ناپسپۆڕیك و پسپۆڕێك) یان (پسپۆڕێکی توخم نێر لەگەڵ پسپۆڕێکی توخم مێدا) یان (وەك پسپۆڕێکی توخم نێر لەگەڵ ناپسپۆڕێکی توخم مێدا) یان وەك (پسپۆڕێکی بەتەمەن لەگەڵ پسپۆڕێکی گەنجدا) ،یان وەك (پسپۆڕێکی توخم نێری بە تەمەن لەگەڵ ناپسپۆڕێکی گەنج ،یان بەتەمەندا).

## ئەنجام

شیکردنەوە کارەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم ئەنجامانەی لێهەڵدەهێنجرێت:

١- زمان وەك ئامرازی پەیوەندییکردن بەردەوام لە شێوەی چەندین شێوەی دووانی هەمەچەشەندا لە بەردەستی قسەپێکەرانیدایە، تا بتوانن بە شێوەیەکی بەرانبەرییانە لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەکاندا پێداویستییە ئاخاوتنەکانیانی پێپڕبکەنەوە.

٢- هەر شێوەیەکی دووانی ئاخاوتنی زمانی کوردیی لە خۆیدا خاوەنی نیشانەی زمانیی تایبەت بە خۆیەتی و وەك شیانێکی زمانەوانی لە جێبەجێکردنی کردەی پەیوەندییکردندا ئەرك دەبینێت.

٣- شێوە دووانە جیاوازەکان لە زمانی کوردییدا خاوەنی سێ بنەمای سەرەکین (سەرتۆپی ئاخاوتن/ بواری ئاخاوتن) و (جۆری بەشدارییکردن) و (شێوەکانی پەیوەندییکردن) و هەر لە سەر ئەم سێ بنەمایەش دەتوانرێت شێوەی دووانە ئاخاوتنە جیاوازەکان لە زمانەکەماندا پۆلبکرێن.

٤- شیکارە کارەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە جەخت لە سەر بوونی شێوەی دووانی پسپۆڕییانە و ناپسپۆڕییانە دەکەنەوە ، کە ئەو دوو جۆرە شێوە دووانەش جارێکی تر بە پێی بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕرێن.

٥- هەڵبژاردنی شیانە زمانییە دووانییەکان پێویستە پەیوەست بن بەهەردوولایەنی ڕێزماندروستی و واتا ڕاستی، هاوکات پەیوەستیش بن بە گونجاویی دەق و دەوروبەری زمانیی ڕووداوە ئاخاوتنییەکان.

## پەراوێزەکان

[1] Aitchison,j (1993:103)

[٢] محمد حسن عبدالعزیز (٢١١:١٩٨٣)

[٣] محمد احمد نحلة (٢٠٠٨: ٥٨)

[4] دەوروبەری دەق : مەبەست لەسەرجەم ئەو هەلومەرجە نازمانیانەیە، کە هاوڕێیەتی دەقی زمانیی دەکەن.

[5] Jacob. L. May (1998: 847)

[6] Eggins, S. (2004: 90-92)

[7] محمود أحمد نحلة (٢٠٠٨: ٥٨

[8] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەوروبەر و بەکارهێنانە زمانییەکان تێیدا بڕوانە (شاخەوان جەلال فەرەج:٢٠١٣).

[9] Haliday, A.,M.,K. (1994: 40-43)

[10] ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی( ٢٠٠٨ :٣٨ ).

[١١] لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەست بەبۆچونە کۆزمانەوانییەکانەوە هەرشێوەیەکی ئاخاوتن لەهەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و بارودۆخێکی ئاخاوتنیدا پرۆسەی پەیوەندیکردنی پێئەنجامدرا وەك زمان هەژماردەکرێت، هەر بۆیەلەم لێکۆڵینەوەیەدا هەرکاتێك وشەی زمان بەکارهات مەبەست لێی شێوەکانی ئاخاوتن–شێوەکانی دووانە وپێچەوانەکەشی ڕاستە.

[١٢]ئەگەر بمانەوێت لەخوێندنەوەی پراگماتیکی تێبگەین دەبێت لەدەقە شاراوەکانی دەقێك تێبگەین، بەواتای ئەوەی هەموو دەقێك چەندین دەقی تری لەخۆیدا حەشارداوە، کەبەتێگەیشتن لە واتا شاراوەکانی مەبەستە پەنهانیەکانی دەقەکە دەخرێتەڕوو و خوێندنەوەیەکی پراگماتکییانەی بۆدەکرێت.

[13] Jacob. L. May (1998: 84٩)

[١٤]ئاخاوتنی کارتێکراو ئەو جۆرە ئاخاوتنەیە، کە بەشداربووانی ئاخاوتن تەنها مەبەستیان نییە زانیاریەکی دیاریکراو بە بەرانبەر بگەیەنن، بەڵکو جگە لە زانیارییەکە مەبەستیانە کاریش بکەنە سەر بەرانبەر هەر لە ڕێگەی هەمان زانیارییەوە، لەکاتێکدا (ئاخاوتنی بەیەکگەیشتنی"Communication" ) زیاتر مەبەست لێی گەیاندنی زانیارییە، کە بەهۆیەوە بەشداربووانی ئاخاوتنەکە لە پەیوەندییکردندا بەردەوام دەبن . هەربۆیە جۆری یەکەمیان زیاتر ئامانجی دەقی نوسراو و دەقی گوتراوی پلانبۆدانراوە، کە بۆ زۆرینەی گوێگرەکان ئاراستە دەکرێت، بەڵام جۆری دووەمیان زیاتر لەئاخاوتنی ئاساییدا دەردەکەوێت، کە ئاخاوتنێکی پلان بۆدانەنراوە.

[15]هدسون،ت/ محمود عبدالغنی عیاد( ١٩٨٧: ٨٨)

[١٦]پێویستە لێرەدا ئاماژە بە بۆچونە بەراییەکانی ئەم تێۆریە بدرێت، کە زانا هالیدای بنەچەی تیۆرییەکەی لێهەڵگواستووە، ئەویش خوێدەبینێتەوە لە چەمك و گریمانەی (Genre)، کەمەبەست لێی (شێوازی نوسین)ە، هاوتەریبانە بۆتە بنەمای دروستکردنی خودی ڕێبازی (شێوازگەری"Stylistics" )، بەلاَم لەم لێکۆڵینەوەیەدا لێکۆڵەر خۆی لەم دوو چەمکە بەدوور دەگرێت و مەبەستێتی زانستیانە شیکاری چییەتی پێشبینیکردن و هەڵبژاردن بۆ دەق و دەوروبەری دەق بکات و بیکاتە بنەمایەك بۆ خستنەڕووی جەستەی دەق و دەوروبەری دەق، هەربۆیە پەیوەستبونەکەمان زیاتر بەڕەهەندەکانی گریمانەکەی هالیدایەوە دەبێت لەسەر تیۆری شێوەکانی دووان:

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ا– هدسون،ت/ محمود عبدالغنی عیاد( ١٩٨٧: ٨٦)

ب– Copuland, N. (2007: 4-9)

پ– Biber, D. and Conrad, S. (2009:22-25)

17 Eggins, S. (2004: 92-95) b. Biber, D. and Conrad, S. (2009:25)

[18] بڕوانە لاپەڕە (١٠–١٢) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[١٩]لەشیکردنەوەی ئەم ئاستانەدا پێڕەوی بۆچونەکانی زانا ( هالیدای) دەکەین، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە Haliday, A.,M.,K. (1994: 40-43)

[20] محمود أحمد نحلة ( ٢٠٠٨: ٦٢)

[٢١] بۆزانیاری زیاتر لەسەر شیکاری پێکهاتەی ئاستەکانی زمان (زمانی کوردی) بڕوانە:

ا– کاروان عومەر قادر (٢٠١٢). ب– عبدالجبار مستەفامەعروف (٢٠١٠) پ– محەمەد مەحوی (٢٠٠٩)

[٢٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(Haliday, A.,M.,K. (1994: 40-43

[٢٣] محمود احمد نحلة (٢٠٠٨: ٦٣)

[٢٤] گۆران عبدوڵلاّ (٢٠١٤: ٢٢–٢٥)

[٢٥] فراگین، و/ ئامانج محمود (٢٠١٤: ٢٣–٢٦ )

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**

ا- کتێب:


١- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە (تێڕوانینێکی ئەرکی)، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٢- شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٣)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٣- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٤- کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٥- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژی کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ب- گۆڤار:

١. گۆران عەبدوللا ، ئازاد مەنتك (٢٠١٤)، بۆچی تووشی کولێرا بوین؟، گۆڤاری پزیشك، ژمارە (٥٠) چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٢. فراگین، و/ ئامانج محمود، سۆزان جەمال (٢٠١٤)، جەستەی خۆت بناسە، گۆڤاری (زانستی سەردەم)، ژمارە (٥٩)، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

دووەم: بە زمانی عەرەبی:

ا) کتێب:

١. محمد حسن عبدالعزيز (١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، القاهرة.
٢. محمود احمد نحلة (٢٠٠٨)، علم اللغة النظامي (مدخل الى النظرية اللغوية عند هاليداى)، طبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الاسكندرية، مصر.
٣. هدسون، ت/ محمود عبد الغني عياد (١٩٨٧)، علم اللغة الاجتماعي، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی

ا) کتێب:

1. AITCHISON, J. (1993), LINGUISTICS,2ED, LONDON.
2. Biber, D. and Conrad, S. (2009), REGISTER, GENRE, AND STYLE, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
3. COPULAND, N. (2007), STYLE ( LANGUAGE VARIATION AND IDENTITY), CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
4. EGGINS, S. (2004), AN INTRODUCTION TO SYSTEMIC

FUNCTIONAL LINGUISTICS, 2 ED, CONTINUUM PUBLISHER
5. HALIDAY, A., M., K. (1994), AN INTRODUCTION TO FUNCTIONAL GRAMMAR, 2 ED, LTD PUBLISHER.
6. MAY, J., L. (1998), REGISTER (OVER VIEW), CONCIS ENSCLOPEDIA OF PRAGMATICS, 2ED, ELSEVTER PUBLISHER.

## خلاصة

خُصص هذا البحث لتحليل سجلات السياق في النص اللغوي. البحث يُحاول تحليل العلاقة بين اللغة ومستخدميها من خلال نظرية (سجلات السياق) في علم اللغة الوظيفي. مِن اجل الوصول الى النتائج العلمية البحتة، قُسم البحث الى مبحثين، ففي مبحث الأول قُدِم شرحٌ مفصل لمبادئ أساسية ثلاث (المجال ، نوع المُشاركة ، الصيغة) في هذه النظرية. أما المبحث الثاني فقد خُصِصَ لتحليل عملي لنصينِ لغويين على ضوء ما قُدِم من شَرحٍ نظري للمبادئ الاساسية للنظرية المستخدمة في هذا البحث، الا و هي (نظرية سجلات السياق).

## ABSTRACT

This research was allocated to the analysis of registers in the language text. The research attempt to analysis correlation between registers and language users according to register theory in functional linguistics. In order to access strictly scientific results, the research divided into two parts. In the first part discussed the three main principles in register theory, which is a (Field of discourse, Tenor of discourse, and Mode of discourse). The second part was devoted to analysis practically the two language text according to the parameters of register theory.